https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی لە خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٨- ١٩٢٤

د. ئامانج احمد مصطفى
زانكۆی سـۆران ـ فـاكـەڵـتـيـی ئـاداب
mustafa@soran.edu.iq

م. نعمت علی محمود
زانكۆی سـۆران ـ فـاكـەڵـتـيـی ئـاداب
Niamat.Mahmud@soran.edu.iq

**پوخته**

کورد یەکێکە لە کۆنترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی مێژوو و کلتور و زمانی تایبەت بە خۆیەتی و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە مێژووی ناوچەکەدا گێڕاوە و لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا هەوڵی داوە کە لە دەست زوڵم و ستەمی داگیرکەراندا ڕزگاری بێت و سەربەخۆیی نەتەوەیی بەدەست بێنێت, بۆیە ئەگەر بێت و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە, ئەوا بەدەگمەن قۆناغێکمان بەرچاو دەکەوێت کە کورد چالاکی تێدا ئەنجام نەدابێت لە پێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی. بەڵام مێژوونوسان و توێژەرانی بواری مێژوو وەکو پێویست گرنگییان بەو خەبات و ماندووبوونە نەداوە و تەنیا لە بازنەی ستایش و گێڕانەوەی چیرۆکی قارەمانانە خولاونەتەوە و شکستەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوەییان خستۆتە ئەستۆی بێگانەوە. هەوڵ دراوە لەو لێکۆڵینەوەیە ئۆباڵی ئەو دۆخە بخرێتە پاڵ فاکتەرە ڕاستەقینەکان, وەک کەمتەرخەمی و ناکۆکی و ناتەبایی نێوخۆیی کورد کە لێکەوتەو دەرەنجامەکانی هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاکو سەرەتای سەدەی بیست و یەک زۆر بەڕونی و ئاشکرایی دیارن.

**وشە کلیلییەکان:** سەرکردایەتی ناوچەگەری، شێخ مەحمودی بەرزنجی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی، سەرۆک هۆزەکان.

## ڕۆڵــی ســەرکردایەتی نــاوچەگەریەتی لە خەبــاتی بــزوتنەوەی ڕزگــاری خوازی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٨- ١٩٢٤

### پێشەکی

دوای تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی دەرفەتێکی سیاسی بۆ کورد ڕەخسا بۆ ئەوەی بتوانێت هاوشێوەی گەلانی ژێر دەستەی ناوچەکە بە مافە نەتەوەییەکانی بگات. تەنیا تێڕوانینێکی نا لۆژیکییانەی سیاسی وڵاتانی کۆڵۆنیالیست سەبارەت بە دۆزی کورد فاکتەر نەبوو بۆ نەگەیشتنی کورد بەمافە نەتەوەییەکانی، بەڵکو نەبوونی تێڕوانینێکی دروست و ئەزموونی کاڵی سیاسی و ناکۆکی و ململانێی نێوخۆیی کورد ئەو دەرفەتەی بێ ئەنجام هیشتەوە و ڕووبەڕوی هەمان چارنوسی پێشووی کردەوە.

سەبارەت بە فاکتەرەکانی کە ڕۆڵیان گێڕاوە لە بە ئەنجام نەگەیشتنی کورد بۆ مافە سەربەخۆییەکان، دەکرێت لەپاڵ فاکتەرە دەرەکییەکان فاکتەرە ناوخۆییەکانیش هەمان کاریگەرییان بینیبێت، هەر بۆیە پێویستە مێژوونوسان بەشێوەیەکی زانستییانە ڕووداوە مێژییەکان شی بکەنەوە دوور لە پێداهەڵدان و ستایشکردن, پەنجە بخەنە سەر هەڵەکان و ڕەخنەگرانە بێنە مەیدان بۆ ئەوەی دەستنیشانی خاڵە لاوازەکانمان بکەین بە ئومێدی چارەسەرکردنیان.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەمیشە وا لە خوێنەری کورد گەیەنراوە کەوا تەنیا فاکتەرە دەرەکییەکان هۆکاری ئەو هەموو نەهامەتییانەی نەتەوەی کورد بوون، بێئاگا لەوەی فاکتەرە نێوخۆییەکان بەردەوام هۆکاری سەرەکی بوون و هەموو ئەو دەرفەتە مێژووییانەی بۆ کورد هەڵکەوتوون بەهۆی نەبوونی تەبایی و تێڕوانینێکی دروست لەبار براون.

( ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی لە خەباتی ڕزگاری خوازی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ۱۹۱۸- ۱۹۲٤) کە ناونیشانی ئەو توێژینەوەیەیە فاکتەرێکی گرنگ بووە لە شکست پێهێنانی پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد. ئەو توێژینەوەیە لە دوو باس پێک دێت. باسی یەکەم، باس لە ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی کوردستان دەکات لە هەردوو پارچەی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان. باسی دووەمیش، ئاماژە بە هەمان ڕۆڵ دەکات لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توێژینەوەکە بە دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت. لەم توێژینەوەیە پەیڕەوی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی کراوە و ناوەناوەش شرۆڤەی ڕووداوەکان کراوە.

## باسی یەکەم: ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی کورد لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان:

کاریگەری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی بەڕوونی لەو بەشەی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو دیارە. لەو کاتەی سەرکردایەتی کورد ئەوانەی خۆیان بە نوێنەر و ڕابەری گەل و نیشتمان دەزانی لە هەردوو بنەماڵەی (نەهری و بەدرخانی) چۆن کەوتنە هەڵە و ناکۆکی و لەدەستدانی دەرفەتی گونجاو بۆ ڕزگار بوون لەدەست بێگانە و داگیرکەران. ئەگەرچی ئەم بەشەی کوردستان زۆرترین ڕووبەری خاکی کوردستان و چڕی دانیشتوان پێکدەهێنێت و پەیوەندی و تێکەڵاوی زۆری هەبووە لەگەڵ گەلانی تری ناوچەکە، دەبوایە کاری زۆرتریان بکردایە لەپێناو بەرەوپێش بردن و ناساندنی دۆزی کورد بەتایبەتی پاش جەنگی یەکەمی جیهان و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی بەمەبەستی چارەسەرکردنی دۆزی کورد و هەنگاونان بەرەو دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد، بەڵام ئەو هەوڵانە هەموویان نەبوونە جێگای هیوا و ئاواتی کورد و بێ ئەنجام مانەوە, ئەمەش زیاتر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەدیار دەکەوێت بە

تایبەتی لەکاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی سیاسی بەناوی (یەکێتی عوسمانی[1]) (ناوخۆش، ٢٠٠٠ :٢٩).

دواتر ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی(١٩٠٨) گۆڕا بۆ (ئیتیحاد و تەرەقی) کە هەریەکە لە (عەبدوڵا جەودەت و ئیسحاق سکۆدی) کەوا کورد بوون و دەستەی دامەزرێنەری بوون. عەبدوڵلا جەودەت لە وتارێکیدا کە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەو (سەردەم[2]) بەناوی (**عوسمانی**) بڵاوکراوەتەوە دەڵێت **" دەسەڵاتی عوسمانی دەبێت بە هی هەموو لایەک ئەگەر بێت و کار بە دەستور بکەین هەموو لایەک یەکسان دەبن و زمان و نەتەوەکانیش مافی خۆیان وەردەگرن"** (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ١٨٥).

کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) داوای لە زۆربەی وڵاتان کرد کە لە دەوریان کۆببنەوە و لە ڕێگەی دروشم و سیاسەتی فێڵبازانە بۆ ئەوەی پێگە و دەسەڵاتیان پتەو و بەهێز بکەن و بتوانن جێگای سوڵتانە عوسمانییەکان بگرنەوە و کاروباری وڵات بەڕێوەبەرن کە کوردەکان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبووە بەتایبەتی لە کۆبوونەوەی یەکەمی کۆمەڵەکە (هاوار، ٢٠٠٠: ٤٦٥).

ڕۆلی بەشداری کردنی کورد لە کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی لە ڕاستیدا زۆر ڕوون و ڕاست بووە و بە دروشمەکانی کۆمەڵەکە هەڵخەڵەتاون و بێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەیان بکەنەوە بۆ نموونە کاتێک (شەریف پاشای خەندان) کرا بە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە ولاتی سوید, لەو سەردەمە سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) لەسەر دەسەڵات بوو تێکەڵ بە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی نەبوو، بەڵام دواتر وردە وردە دەستی لەگەڵ کۆمەڵەکە تێکەڵ کرد و هاوکارییەکی باشی کارەکانیانی لە دەرەوەی وڵات کرد, بەڵام دواتر لە ساڵی (١٩٠٩) ئیتیحاد و تەرەقی لە کۆمەڵەکە لایدا و هەر بەوەش نەوەستان دەستیان بە دژایەتی کردنی کورد و هەموو نەتەوەکانی

ناتورک کرد. بۆیە کوردەکان دابەشی سەر دوو بەرە بوون. یەکەمیان دەیانەویست کۆمەڵەیەکی کوردی سەربەخۆ پێکبهێنن. بەرەی دووەمیش، بە پێویستیان زانی هەر لەناو کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی بمێننەوە بە تورک ناوبانگ دەربکەن نەک بە کورد بەهۆی نزمی ئاستی ڕۆشنبیری کورد. چونکە پێیان وابوو ئەگەر بەشداری لەم کۆمەڵەیەدا بکەن هەموو دەسەڵات و پلەو پایەیەکیان پێدەدرێت، بەڵام دواتر هەندێک لەو ئەندامە کوردانە بە ناچاری لە کۆمەڵەکە چوونە دەرەوە و هەندێکی تریش دوور خرانەوە، هەر بۆیە هەڵسان بە دامەزراندنی کۆمەڵێک ڕێکخراو گرینگترینیان (ئیتیحاد و تەرەقی کورد) بوو کە لەلایەن ئەمین عالی بەدرخان شەریف پاشای خەندان, شێخ عەبدولقادری نەهری، زولکەفل پاشا، کامەران پاشا، فوئاد پاشا، حیکمەت پاشا، ئەکرەم پاشا) و چەندین کەسی تر لە ساڵی (١٩٠٨) دامەزرا. (جەلیلی، ٢٠٠٣: ١٠٢)

دواتر بەهۆی پاشگەز بوونەوەی ئیتیحاد و تەرەقی لە پرنسیپەکانی خۆی و دژایەتی کردنی مافەکانی کورد و هەموو میللەتانی ناتورک چەندین (ڕێکخراو و کۆمەڵەی[٣]) لەو جۆرە دروست بوون ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو میللەتانە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ڕووی لە زیاد بوون دەکرد لە سەرووی هەمووشیانەوە کورد هەرچەندە لەلایەکی تریشەوە دەبینین ئەوانەی ئەو پارت و ڕێکخراوانەیان دامەزراند زیاتر ئەو کۆمەڵە کەسانە بوون کە کۆمەڵەکەیان پێکهێنابوو. (عوسمان عەلی، ٢٠١٣: ٢٢٠ ؛ هاوار، ٢٠٠٠: ٤٩١-٤٩٦) لەلایەکی تریشەوە پاشماوەی ململانێی دەرەبەگایەتی لە نێوان عەشیرەتەکان و ناکۆکی نێوان سەرکردە سیاسییەکان ڕێگای لەبەردەم تورکیای لاو خۆشکرد کە درێژە بە کار و چالاکییەکانی خۆی بدات دژ بە کورد. (جەلیلی، ٢٠٠٣: ١٠٤)

هەریەک لە (ئەمین عالی بەدرخانی) و (عەبدولقادری نەهری) لە هەوڵی ئەوە دابوون ڕۆڵی خۆیان لەناو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان بەدیار بخەن، ئەمین عالی ڕایگەیاند کە ئەو لەناو

ڕیزی شەمزینییەکان و پیاوانی ئاینی هاتووە، عەبدولقادری نەهریش کە لایەنگری خودموختاری بوو, ( مکداول، ٢٠٠٥:١٦٤) دەیوت کە بەدرخانییەکان تەنیا فەرمانڕەوا نەبوون، بەڵکو فەرماندەی سەربازیش بوون. (جەلیلی، ٢٠١٣: ١٠٤) ئەم لێدوانانەی ئەو دوو سەرکردەیە تەنیا بە مەبەستی یەکتر شکاندن بووە، چونکە ویستویانە لە ڕێگای یەکتر شکاندن هەنگاوێک بچنە پێشەوە، مەبەستی عەبدولقادری نەهری ئەوە بووە نیشانی بدات کە بنەماڵەی بەدرخانی مەیلیان بەلای سەربازیدا بووە بۆ ئەوەی لەڕێگەی سەربازی دەسەڵاتیان فراوان بکەن.

هەردوولایان هەوڵیان دەدا لەپێش چاوی حکومەتی تورکیا یەکتری تاوانبار بکەن بۆ ئەوەی خۆیان خۆشەویست بکەن و چەند قۆناغێک بچنە پێشەوە ئەویش بە تاوانبارکردنی یەکتری بە خیانەت کردن و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕوسیا و هەستی جوداخوازی. بۆیە حکومەتی تورکیا ئەو ناکۆکییەی نێوان هەردوو بنەماڵەکەی قۆستەوە و لە ساڵی (١٩٠٩) کۆمەڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی داخست و ڕۆژنامەکانیشی قەدەغە کرد. (جەلیلی، ٢٠٠٣: ١٠٤) لە بروسکەی مستەفا کەمال بۆ والی دیاربەکر لە (١٥ی حوزیرانی ١٩١٩) کە هاتووە" **پێویستە هەموو ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانەی تۆوی دووبەرەکی لەنێو وڵات بڵاو دەکەنەوە دابخرێن، ئەوە پێویستییەکی نیشتمانییە، و سوور بوون لەسەر ئەنجامدانی ئەو ڕێوشوینانە**" (جلیلی وآخرون، ٢٠١٢: ١٢٩). ئەو یانە و کۆمەڵە کوردییانە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی و بیری شۆڕشکێڕی کەوا دەرەنجامەکەی لە نیسانی (١٩١٤) شۆڕشێکی گەورەی لە باکووری کوردستان لێکەوتەوە کە هەریەکە لە (مەلا سەلیم و شێخ بەهادین و سەید عەلی) لە سەرکردە گەورەکانی شۆڕش بوون. ( عوسمان عەلی، ٢٠١٣: ١٠٤)

سەرانی کورد نەیانتوانی یارمەتی وڵاتانی دەرەکی و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕوسیا و بەریتانیا وەربگرن دوای نەمانی عوسمانییەکان

و هاتنی تورکە کەمالیستەکان. دۆزی کورد هەر بە چارەسە نەکراوی مایەوە و کورد دووبارە کەوتەوە هەڵەی یارمەتیدانی کەمالییەکان، کەوا بەرەیەک لە ئەفسەر و سەرکردە خێلەکییەکان تەواو لەژێر کاریگەری دروشمەکانی ئەتاتورک بوون باوەڕیان بە دەوڵەتی کوردی نەبوو، هەرچی ڕۆشنبیرانیش بوون چاوەڕوانی یارمەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوون کە دەوڵەتیان بۆ دروست بکات. (أحمد عثمان، ٢٠١٨، ج١، ٥٠٩) ئەو سەرانەی یارمەتی عوسمانییەکانیان دا بریتی بوون لە (عەبدوڵا جەودەت، ئیسحاق سکۆدی، حەسەن خەیری زادە) . (جليلي و آخرون، ٢٠١٢: ١٢١-١٢٢)

شەڕی یەکەمی جیهانی و دەرەنجامەکانی گۆڕانکاریەکی زۆری بەسەر دۆزی کوردەوە هێنا، هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی کێشەی کوردی ئاڵۆزتر کرد و پەیمانی سیڤەر و لۆزانی لێکەوتەوە و کوردستانی لێوە دابەش کرا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی زیاتر بەرەو پێش برد. کاتێک کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە(١٩١٩) بەسترا, بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی مابوونەوە لە دوای جەنگ و دیاری کردنی چارەنوسی نەتەوە چەوساوەکانی تورکیای عوسمانی, وڵاتە هاوپەیمانەکان ڕێککەوتن لەسەر جیاکردنەوەی (ئەرمینا و سوریا و میزۆپۆتامیا و کوردستان و فەڵەستین و دورگەی عەرەبی) لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لێرەدا دەردەکەوێت کە دۆزی کورد بوونی هەیە و بەشێکە لە کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەڵام دوای واژووکردنی بەڵێننامەی ئاشتەوایی و دابەش کردنی دەستکەوتەکانی دەوڵەتی عوسمانی, تورکیا هەوڵیدا کورد بەکاربهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی و پاراستنی یەکپارچەیی ئەو سنوورە جوگرافییەی ئەنادۆڵ (تورکیای ئێستا) هەریەک لە کۆنگرەی سیواس (١٩١٨) و کۆنگرەی ئەرزەڕۆم (١٩١٩) باشترین نموونەی بەکارهێنانی کورد بوو لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک. پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠) یەکەم بەڵێننامەی نێودەوڵەتی بوو کەوا دانی نا بە مافەکانی نەتەوەی کورد وەکو

گەلێکی سەربەخۆ لە ناوچەکە, بەڵام ماوەیەکی درێژی نەخایاند وڵاتە گەورەکان ئامادەیی خۆیان نیشاندا لەسەر دەستکاری کردنی بەندەکانی بەڵێننامەکە بەتایبەتی ئەو بەندانەی کە باسی کورد دەکات. کەمالیستەکانیش زۆر بە توندی دژی ئەوە وەستانەوە کە بابەتەکانی بەڵێننامەکە بخرێتە ناو خشتەکانی کۆنگرەی لۆزان(١٩٢٣), هەموو توانایەکیان خستەگەڕ بۆ هەڵپەساردنی ئەو مەرجانەی کە دانرابوون لەسەر تورکیا لە پەیماننامەی سیڤەردا, ئەوە بوو کەمالیستەکان هەوڵی بێ وچانیان دەدا کە کوردەکان ببەستنەوە بە ڕێکخراوی (یەکێتی کۆمەڵایەتی) و بڕیاریاندا کە کورد گەلێکە مافی یەکسانی هەیە لەگەڵ تورکەکاندا. نوێنەری کورد لە ئەرزەڕۆم (حوسێن عەونی) بەڕاشکاوی وتی" **ئەو وڵاتە بۆ کورد و تورکە کەسیش بۆی نییە لەسەر ئەم دوانگەیەوە قسە بکات تەنها دوو نەتەوە نەبێت ئەوانیش نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورکن** " هەرواها هەریەک لە(حەسەن خەیری و یامز) لە دێرسیم و (بوزان بەگ و شاهین بەگ) لە ئورفا و بە هەمان شێوە نوێنەرەکانی باڵۆ و وان و بەدلیس و مەلاتییە پشتیوانییان کرد ( لازارێف، ٢٠٠٨: ٣٢٩). وێڕای ئەوە نوێنەری تریش هەبوون داکۆکیان لە یەکپارچەیی تورکیا دەکردەوە لەوانە (حەسەن خەیری) کە زۆر ڕاشکاوانە داکۆکی لە یەکپارچەیی دەوڵەتی تورکیا دەکرد لە کۆنگرەی لۆزان لە کاتێکدا کە سەرکردەکان دەیانتوانی ئەو هەڵە زێڕینە بقۆزنەوە و پێداگری بکەن لەسەر سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە تورکیا هەوەکو ئەوەی ئەرمەنەکان کردیان. بەڵام لەلایەک نەبوونی پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی و لەلایەکی تریش ناکۆکی و پەرتەوازەی نێوخۆیی ئەو هەڵەی لەدەست کورد دا و تورکیاش دەستەوەستان نەوەستا تاکو هەموو هەوڵەکانی لەناو برد. ( لازارێف، ٢٠٠٨: ٣٣٠)

لە هاوینی (١٩٢٠) (خالید بەگی جوبرانلی) کە ئەفسەرێکی کورد بوو لە لەشکری تورکیا و داوای لە سۆڤیەت کرد کەوا لە کۆنگرەی لۆزاندا کە

بڕیاره له (١٩٢٣) ببەستریّت یارمەتی کورد بدات بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر چاودێری سۆڤیەت پاش ئەوەی کە کوردەکان متمانەیان بە ئینگلیزەکان نەما بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام سۆڤیەت هیچ هاوکاری و یارمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی نەکرد چونکە ڕوسیای سۆڤیەت پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ تورکیای کەمالیدا هەبوو, کە پەیماننامەی (سۆڤیەتی- تورکی) لێکەوتەوە لە (١٦ی ئازاری ١٩٢١) هەموو هەوڵەکانی کورد شکستی هێنا. ( لازاریێف، ٢٠٠٨: ٣٤٠)

سەبارەت بە کوردستانی ڕۆژئاوا، هەرچی لە کاروچالاکی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیدا هەبوو هەمووی لە چوارچێوەی ڕزگاری سوریاوە بوو نەوەک بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و خۆبەڕێوەبردن, ئەمەش بەهۆی لاوازی کامڵ نەبوونی هەستی نەتەوایەتی بوو لەو پارچەی کوردستانەدا.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کورد لە باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان نەیتوانیوە قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ دابمەزرێنێ لەم ڕووەوە کەوتونەتە هەڵەیەکی سیاسی گەورە و سادەیی سیاسی و خۆشباوەڕی توشی شکستێکی مێژوویی کردن. هەر لەسەرەتاوە لە بری ئەوەی کار بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی سیاسی کوردی بکەن لە پێناو هێنانەدی ئاواتەکانی گەلی کورد, پێیان وابوو کەوا دەتوانن لەنێو پارت و کۆمەڵی تورک و عەرەبەکانیشەوە مافەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکەن.

## باسی دووەم: ڕۆڵی سەرکردایەتی ناوچەگەریەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

### ١- باشووری کوردستان:

دوای جەنگی یەکەمی جیهان و ئەو کاتەی ئینگیزەکان عێراق و کوردستانیان داگیر کرد لە (١٩١٨)دا. پڕۆژەی ڕێککەوتننامەی سایکس

بیکۆ (١٩١٦) سەرەتایەک بوو بۆ دابەش کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان وڵاتانی زلهێز، کوردستانیش پشکی ئەو دابەشکارییەی بەرکەوت, بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان دوای کۆتایی هاتنی جەنگ هەوڵی ڕزگار بوون و سەربەخۆیی دەدا کە سلێمانی ببوە مەڵبەندی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخ زنجیرەیەک گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا هێنا (هەروتی، ٢٠٠٦: ٧٩).

هەموو کوردەکانی باشوور چاوەڕوانی ئەوە بوون کە کەوتنی ئیمپراتۆری عوسمانی و هاتنی ئینگلیز ببێتە سەرچاوەی خێر بۆ کوردستان هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوون تانک و فڕۆکەکانی ئەوانیش بکەونە بۆردومان کردن و کاول کردنی کوردستان. (مەزهەر، ٢٠٠٩: ١٤٢)

(شێخ مەحمودی بەرزنجی[٤]) کە پیاوی ئاینی بە ناوبانگ و خاوەنی دەسەڵات و قەڵەمڕەوییەکی گەورە بوو لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان تا کۆتاییەکانی ساڵی (١٩١٨) لەگەڵ عوسمانییەکان بوو, بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بانگەوازی (جیهاد)ی دژی ئینگلیزەکان ڕاگەیاندبوو بۆ سوود وەرگرتن لە توانا مرۆییەکانی تەنانەت لە شەڕی گەورەی (شوعەیب)ش لە خوارووی عێراق بەشدارییان پێ کرد (مەلا عزەت، ٢٠٠٦: ٦٤). تورکەکان کردیانە فەرمانڕەوای سلێمانی و دوابەدوای ئەوانیش ئینگلیزەکان کردیان بە مەلیکی کوردستان. ئەوەی جێگای سەرەنجە شێخ مەحمود دوو جار لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کراوە بە فەرمانڕەوای سلێمانی جارێکیان لە (تشرینی دووەمی ١٩١٨ تاکو حوزەیرانی ١٩١٩) (سائیب، ٢٠٠٨: ٢٠). جاری دووەمیش لە ( ئەیلولی ١٩٢٢ تاکو نەورۆزی ١٩٢٤). بەهۆی ئەوەی کە شێخ مەحمود نەیتوانی سوود لە هەڵەکانی جاری پێشوو وەربگرێت جاری دووەمیش فەرمانڕەوایەتییەکەی زۆری نەخایاند و بێ دەستکەوت لەژێر دەستی هاتە دەرەوە. (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ٣٩٩)

دوای بێهیوا بوون لە عوسمانییەکان و شکست هێنانیان لە جەنگی جیهانی و نزیک بوونەوەی ئینگلیز و ڕوس لە باشووری کوردستان شێخ مەحمود بەهیوای دروست کردنی حکومەتی کوردی پەیوەندی بە ڕوسەکانەوە کرد (بیری نوێ، ٢٠٠٦: ٢٢٣). هەمان داواکاریشی لە ئینگلیز کرد بۆ هەمان مەبەست. دوای هاتنی حاکمی گشتی بەریتانی (ویلسۆن) بۆ سلێمانی، شیخ مەحمود داواکاری نزیکەی (٤٠) سەرۆک هۆز و خێڵی کوردی پێشکەش کرد کە داواکارییەکەیان بریتی بوو لە ڕێگەدان بە کورد بۆ خۆبەڕێوەبەری لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا. (سائیب، ٢٠٠٨: ٢٠)

شێخ مەحمود دوای ئەوەی بوو بە حوکمداری کوردستان ڕووبەڕوی چەند کێشەیەک بووەوە لەوانە: کەم ئەزموونی و لە مەیدانی سیاسەتدا بێکەس بوو سەرەڕای ئەوەی ڕاوێژکار و دڵسۆزی لێهاتووی نەبوون، ئەوانەش کە بەدڵ خزمەتیان کردووە, لەم بارەوە کەم ئەزموون بوون. شێخ مەحمود بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بەسەر کارگێڕیەکەیدا هەبێت هەوڵیداوە پلە و پایەی بەسەر خزم و دۆستەکانیدا ببەخشێت، بۆیە دەبینین دەسەڵاتی حوکمداری یەکەم لە بازنەی داخراوی بنەماڵەی شێخدا ماوەتەوە (عبدالرحمن ادریس، ١٩٢٥: ١١٥). ئەمە جگە لە نەبوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری یان سەرکردەیەکی ئەوتۆ کە زۆرینەی کوردان ڕازی بن بە دەسەڵاتی, هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان لە دروست کردنی دەسەڵاتی کوردی بێ ئومێد بن. (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ٣٢٦)

نەبوونی کاریگەری هەستی نەتەوایەتی پتەو لەناو کورد لە بەرامبەر بەریتانییەکان وای لە کاربەدەستانی بەریتانی کرد لە نوسینگەی کۆمیسیاری باڵا لە ئەستەمبۆڵ و بەغدا بڕوا بهێنن هەستی نەتەوایەتی کورد لاوازە. (لوید جۆرج) سەرۆک وەزیرانی بەریتانی لە ساڵی(١٩٢٠) دەڵێ: هەوڵەکانمان بۆ توێژینەوە لە هەستی نەتەوایەتی کورد لە ئەستەمبۆل و بەغدا بەدیار دەکەوێ مەحاڵە کوردێک ببینی کە زۆربەی

کورد پشتگیری لێبکەن. چەندین بەیاننامە لە نوسینگەی کۆمیسیاری باڵا لە ئەستەمبۆڵ هەیە کە تێیدا هاتووە یەکدەنگی هەمە لایەنەی پتەو لای کورد نابینرێت. (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ٣٤١)

شێخ مەحمود وەکو سەرۆکێک زۆر حەزی دەکرد دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت، بەڵام شارەزا نەبوو لە ئامرازەکانی ئەم دامەزراندنە. هەر ناکۆکی بەردەوام لەگەڵ ڕۆشنبیرانی سەردەم تا دەگاتە بەهێز بوونی پەیوەندی خێڵایەتی لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانییەکەی و بەردەوام لەسەر هەڵوێستێکی سیاسی جێگیر نەبوو، بەڵکو لەترسی ئینگلیز پەنای بۆ تورک و لە ترسی تورک پەنای بۆ ئینگلیز و لە ترسی ئینگلیز پەنای بۆ ئێران و ڕوسیا دەبرد (قانیع، ٢٠١١: ٤). دەربارەی حوکمڕانی شێخ مەحمود ئەمین زەکی بەگ دەڵێت**" لە کۆشەیەکی کوردستان جنوبی ماناى لە سلێمانیدا بە هاوکاری حکومەتی ئینگلیز ئیدارەیەکی ناوخۆیی دامەزراند بەڵام بەباشی ئیدارەی نەکراو پێک چوو"** (خولاسەیەکی تاریخی، ٢٠١١: ٤).

ئینگلیزەکان سوودی زۆریان لە ناکۆکی هۆزایەتی و بنەماڵەیی و دواکەوتوویی بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتیی کومەڵگەی کوردەواری وەرگرت (هەروتی، ٢٠٠٦: ٩١١). کۆسپی هەرە گەورەی بەردەم حکومەتەکەی شێخ مەحمود بریتی بوو لە ئاغا و شێخ و سەرۆک هۆزەکان. سەرۆک هۆزەکانی کە دۆستی شێخ بوون سامان و تالان و ئیمتیازاتیان دەویست، لە هەمان کاتدا ڕقیان هەبوو لە گوێڕایەڵی بۆ کاربەدەستانی شێخ مەحمود و پاشان ئاستی وشیاریی سیاسی و ئەزموونی کۆمەڵایەتی و سروشتی ڕابردووی نەریت، هەموو ئەم دیاردانە حکومەتی شێخ مەحمود و ئاکامەکەیان بەم ڕۆژە گەیاند. بەرپرسانی بەریتانی سووربوون لەسەر ئەوەی کورد پێویستی بە هەستی نەتەوایەتییە هەر ئەوەش بووە نوشوست هێنانی شێخ مەحمود لە بەگەڕخستنی کورد لە دەوری خۆیدا، ئەو بانگەشەی هەستی نەتەوایەتی دەکرد کە ئەو هەستە نە لای سەرکردە تەقلیدییەکان نە لای زۆربەی

خەڵکی کە نەخوێندەوار بوون دەست نەدەکەوت (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ٣٤٠-٣٤١).

هۆکاری سەرەکی کەوتنی ئیدارەی شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکێتی ڕاستەقینە لە نێوان سەرکردە تەقلیدییەکانی کورد, لە ڕاستیدا کورد بەسەر ئەو سەرکردانەدا دابەش بووبوون. هەمیشە بە هاندانی ئینگلیز بەگژ شێخدا دەچوون هەندێکیان خیانەتیان لێکرد و چوونە پاڵ ئینگلیز (هاوار، ١٩٩٠: ١٨). لەو ماوە کورتەی حوکمی شێخ لە سلێمانی لە مایسی(١٩١٩) ناکۆکی کەوتە ناو کوردەکانی باشوور. گەورەترین هۆزی ناوچەی سلێمانی نەیاری شێخ بوون. سەرۆک هۆزەکانی بەرزنجە لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێککەوتن بۆئەوەی پشێوی بخەنە دەسەلاتی شێخ مەحمود، لە ناوچەی کەرکوک و کفریش هەندێک هەبوون لەژێر کاریگەری شێخەکانی تاڵەبانیدا بوون کە سەرسەختترین دوژمنی بەرزنجییەکان بوون و ئەوانیش فەرمانڕەوایەتی شێخیان نەدەویست. لە ڕانیە و قەلادزێ هۆزی پشدەر بە سەرۆکایەتی (بابکر ئاغا) لە ماوەی شۆڕشی مایس نەچووە ژێر فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود بەڵکو پشتگیری ئینگلیزەکانی کرد. لە هەولێریش هۆزی دزەیی جگە لە سەرکردەکانیان دانیان نەناوە بە هیچ دەسەڵاتێکی تر و مامەڵەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بەریتانییەکان بوو لە کۆیەش (حەماغای غەفوری) دژی لکاندنی کۆیەبوو بە دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمود. تەنانەت لەناو شاری سلێمانی هەردوو نوخبەی ڕوناکبیران و بازاڕیش دژی شێخ بوون و بۆ لاواز کردنی پێگەی شێخ پشتیان بە هاوکاری ئینگلیز دەبەست (عوسمان عەلی، ٢٠١٠: ٣٤٣).

وێڕای ئەمانەش شێخ مەحمود لە بڕیارەکانیدا تەنیا ڕای تایبەتی خۆی سەپاندووە و پشتی نەبەستووە بە ڕای یاریدەدەرەکانی هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لاوازی بڕیارەکانی لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی. لیوا (سەدیق قادری[٥]) کاتێک لێکۆڵەری گشتی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوو ئاماژدەکات بەوەی کە پلانێکی

باشی بۆ شێخ کێشاوە، بەڵام شێخ لەبەر چێژ وەرگرتن لە خۆدەرخستن گوێی پێنادات و پلانەکەی فەرامۆش دەکات (قادری، ١٩٢٤: ٢٤٨).

ئەوەی لەبارەی شێخ مەحمود زانراوە کەسێکی کەم حاڵی بووە لە سیاسەت و ئاگاداری پێشهاتە هزرییە نوێیەکانی ئەو سەردەم نەبوو هەروەها لە چینی سیاسەتمەداران نەبوو, ئەوانەی دەرچووی قوتابخانە و کۆلیژە سەربازی و مەدەنییەکان بوون. بۆیە ئەوە وای کردبوو کە هەڵسوکەوتەکانی دوور بن لە پیاوانی سیاسی (احمد عثمان، ١٩٧٣: ٧٣٤). جگە لە نەبوونی سوپایەکی ڕێک و پێکی سەردەمی, وێڕای گەڕانەوەی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی کورد کەوا لە سوپای عوسمانی کاریان دەکرد بەڵکو سوپاکەی تەنیا لایەنگران و شوێنکەوتووانی بوون لەگەڵ دەیان کەسی هێزی لیڤی (کوردی) کەوا لەلایەن ئەفسەرە بەریتانییەکانەوە سەرپەرشتی دەکران. یەکێک لە ئەفسەرە بەشداربووەکانی سوپای شێخ مەحمود بەناوی (فوئاد مستی) ئاماژەدەکات بەوەی کە ئەو سوپایە وێڕای کەموکوڕی لەڕووی شێوازی شەڕکردن و چەکی پێشکەوتوو ئینتیمای هۆزایەتیشی پێوە دیار بوو (التآخي، ١٩٧٤).

بەشێوەیەکی گشتی شێخ مەحمود هیچ لایەکی ڕازی نەکرد نە ئینگلیز و هاوپەیمانەکان نە هۆزە کوردییەکان نە ڕۆشنبیران و نە تورکیای کەمالی تەنیا کوردە ڕەشۆکی و هەژارەکەی دەوروپشتی کە بوون بە دەست و پێوەندی (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٤٩).

## ٢- ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەم زۆرترین ڕووداو و گۆڕانکاری تێیدا ڕوویانداوە بە بەراود لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان. هەر لەسەرەتای جەنگەوە ئاژاوە و پشێوی باڵی کێشابوو بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمەش ئەو هەلەی ڕەخساند کە سەرکردە کوردە خێڵەکییەکان کە بە

شێوەیەکی سەربەخۆ بە پەرتەوازەیی کار بکەن کە کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە بەهۆی هاتنە ناوەوەی هێزی تورک و ڕوس و ئەڵمانی (لازارێف، ١٩٨٩:٣٠١).

دوای کشانەوەی لەشکری ڕوس لە ئێران لە ساڵی (١٩١٨) (سمکۆی شکاک[٦]) هەڵسا بە ئەنجامدانی چالاکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چونکە بۆشاییەکی گەورەی بەڕێوەبردنی کارگێڕی و سەربازی ناوچەکە دروست بووبوو, بۆیە سمکۆ گشت دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئێرانی دەرکرد و متمانەی زۆربەی خێڵە کوردییەکانی باکووری خۆرئاوای ئێرانی بەدەست هێنا و پشتیوانی خۆی بۆ ئەنجومەنی دیموکراتی نیشاندا کە ئەوکاتە لە ناوچە کوردییەکان پێکهاتبوو, کەوا توانی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ کوردانی دەوروپشتی دروست بکات (لازارێف، ١٩٨٩: ٣٥٦).

سمکۆ کەسێکی ئازا و زیرەک و نیشتمان پەروەر بوو ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمە جگە لەوەی کە سمکۆ زۆر باش بەهای پشتیوانێکی دەرەکی لەو ئەرکەی خستبووە سەرشانی خۆی. ئەو بڕوای بە یارمەتی و پشتگیری دەرەکی هەبوو بۆیە (سەید تەهای نەهری) ناردە لای ئینگلیزەکان لە بەغدا بە ئومێدی بەدەستهێنانی یارمەتی بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێت کۆمەڵێک هەڵەی هەبوو کەوا بوونە فاکتەری شکستپێهێنانی کە گرنگترینیان سوود وەرنەگرتنە لە لاوازی دەسەڵاتی ئێران لەو ماوەیەدا(مکداول، ٢٠٠٥: ٣٦١).

پێش بەرپا بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) لەبار بوو بۆ بەرپاکردنی شۆڕش. چونکە ئێران لەڕووی دارایی و سەربازی و کارگێڕییەوە زۆر شێواو بوو، شەڕی هۆزەکان و بێسەروبەری و قات و قڕی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە (مکداول، ٢٠٠٥: ٣٥٦). بەڵام نەبوونی هوشیاری

نەتەوەیی و سەرکردەیەکی یەکگرتوو کە بتوانێت خەڵکی کوردستان هان بدات و ڕێکیان بخات بێ ئەنجام مایەوە (عوسمان عەلی، ٢٠٠٥: ٣١٠).

ماوەی چەند ساڵێکی ویست تاکو دەسەڵاتی ناوەندی ئێران توانی خۆی ڕێکبخاتەوە و هەندێک لە لاوازییەکانی چارەسەر بکات, لەو ماوەیەدا سمکۆ وەک سەرکردەیەک نەیتوانی سوود لەو بارودۆخە خراپەی ئێران وەربگرێت، چونکە هیچ ئەنجومەنێکی سەربازی شەڕکردنی نەبوو ئەمە جگە لە نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی یاخود ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی هەروەها ستراتیژییەتێکی دوور مەودای بۆ جەنگێکی سیاسی و دبلۆماسی دیاریکراو نەبوو (نەوشیروان مستەفا، ٢٠٠٧: ٥٦). هەرجارەی ڕووی خۆی دەکردە لایەک. جارێک بەلای ڕوسەکان بۆ دەرباز بوون لە دەسەڵاتی ئێران و عوسمانی و جارێکی تریش دەیەویست بە پاڵپشتی هەواڵگری ئێرانی لە ڕێگەی دژایەتی کردنی بەرژەوەندییەکانی ڕوس و ئینگلیزەکان مافی خۆی لە ئێرانییەکان وەربگرێت. لە نامەیەکیدا بۆ کونسولی ڕوسیا لە ورمێ دەنوسێت "**تورکەکان بە هەلی دەزانن کە کزی و لاوازی ڕەوشی ئێران بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار بێنن ... ئێوەش کە خۆتان بە پاڵپشتێکی ئێران دەزانن و لەسەر هەموو دەست درێژییەک لەسەر ئەم وڵاتە بە وەڵام دێن ئومێدم هەیە یارمەتیم دەدەن تا دژی ڕژێمی تورکیا ڕاپەڕم**" ( چوار چرا، ١٩٨٦: ٤٩).

لە کاتی دیدارەکەیدا لەگەڵ مستەفا پاشای یامولکی لە ساڵی (١٩٢١)، سمکۆی شکاک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کاتێک دەسەڵاتدارانی ئێران بە ئامانج و جموجۆڵەکانی ئاسوورییەکانیان زانی, داوایان لێکردم لە دژی ئێران نەچمە پاڵ ئاسوورییەکان, هەروەها بەڵێنیان پێدام ئەگەر (مارشمعون[٧]) بکوژم دیاریم پێ دەدەن, لەبەر چەند هۆیەک ڕازی بووم بە کوشتنی مارشمعون (عوسمان عەلی، ٢٠١٣: ٢٠٨). هەبوونی ئەو جۆرە پەیوەندییەش پشتڕاست کراوەتەوە کاتێک هێزەکانی ئاسووری پەلاماری

بنکەی سمکۆیاندا لە (چەهریق) لە ماڵی سمکۆ نامەیەکی (محەمەد حەسەن میرزا)ی والی (خوی) یان دۆزیوەتەوە کە بۆ سمکۆ نێردراوە و داوای لێکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاسوورییەکان (دیلمقانی، ١٣٨٦: ١٣٧). هەروەها لەلایەن والی تەبریزیش (مەهدی ئەلشەمس) نامەیەک بۆ سمکۆ نێردراوە کە ئەگەر مارشمعون بکوژێت ڕەزامەندی حکومەتی ئێران بەدەست دێنێت (بارمتی، ١٩٨٩: ١٠٥).

هەروەک باسمان کرد سمکۆ نەیتوانی سوود لە لاوازییەکانی ئێران وەربگرێت. هێزێکی تۆکمە دابمەزرێنێ بۆیە (ڕەزاخان) توانی سوود لە لاوازی جولانەوەی سیاسی ئێران وەربگرێت و بە تایبەتی بزوتنەوە سیاسی و دیموکراتخواز و ئازادیخوازەکانی ئێران و بە ئاسانی سەرکوتیان بکات لەوانەش بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە لە دۆخێکدا بوو نە یەکگرتوو و نە خاوەن ئامانجێکی ڕوون و دیاریش بوو (لازارێف، ١٩٨٩: ٣٣٨).

لەگەڵ ئەوەی سمکۆ نەیتوانی لەگەڵ کوردەکانی هاوخەباتی پەیوەندیی پتەو پەیدا بکات لە هەمان کاتیشدا نەیتوانی لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێرانیش هیچ کارێکی هاوبەش ئەنجام بدات (نەوشیروان مستەفا، ٢٠٠٧: ٤٢١) .

لەنێو ناسیۆنالیستە ئێرانییەکاندا هەستێکی جیاواز بەرامبەر بە کورد هەبوو لەچاو ناسیۆنالیستە عەرەب و تورکەکاندا ئەویش ئەوە بوو کە ئەوان کەمتر دوژمنایەتیان بەرامبەر بە ناسنامەی کورد هەبوو (دیرک کینان، ٢٠٠٠: ٧٦).

سمکۆی شکاک بزوتنەوەیەکی چەکداری بەرفراوانی بەباشتر زانیوە لە پێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی (عوسمان عەلی، ٢٠٠٦: ٣٠٥)، بەڵام ڕوناکبیران و ئەوانەی خۆیان بە سەربەخۆخواز زانیوە بڕوایان وابووە کەوا خەبات کردن بە ڕێگای مەدەنی و کاری هاوبەش لەگەڵ بزوتنەوەی

ئازادیخوازی ئێرانی باشتر بووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان. سمکۆ زیاتر ویستی ئەوە بووە کەوا خۆی وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی بەدیار بخات لەپێناو ئەمەشدا زۆر ڕێگای گرتەبەر. جارێک لەگەڵ عوسمانییەکان و جارێک لەگەڵ ئینگلیز بوو بەرژەوەندی لەگەڵ هەر کامیان تێبینی بکردایە ئەچووە لای ئەو و لایەنەکەی تری فەرامۆش دەکرد، ئەمە ڕەفتاری توندی سمکۆ بوو، کەوا زۆر جار بەخراپ بەسەریدا شکاوەتەوە و لە بری بیر و گوفتاری هێمن و ئاشتیخوازانە بە کەسێکی توندوتیژ و شۆفینیست ناوزەند کراوە. ئەمەش بۆ ئینگلیز و تورکەکان بۆتە پاساوێک بۆ ناشیرین کردنی وێنەی کورد و نانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوە لە نێوان کورد و گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکە. دەسەڵاتدارانی ئێران بە یارمەتی ئینگلیز توانیان لە بەهاری (١٩١٨) ناکۆکی و پشێوی بخەنە نێوان هۆزی شکاکی کوردی و ئاشوورییەکانی ئازەربیجان و لوتکەی بارگرژییەکەش گەیشتە تیرۆرکردنی (مارشمعون)ی سەرکردەی ڕۆحی و سەربازی ئاشوورییەکان بە دەستی سمکۆ و دەست و پێوەندەکانیەوە (لازارێف، ١٩٨٩: ٣١٢). ئەمەش بووە لاپەڕەیەکی ڕەش لە مێژووی پەیوەندیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی سمکۆی شکاک.

هەوڵەکانی سمکۆی شکاک لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٢٤) بەردەوامی هەبوو و بزوتنەوەکەی خاوەن هێزی چەکدار بووە، کەوا ژمارەکی زۆری خێڵی شکاکی لەگەڵ بوون، ئەمە جگە لەوەی سمکۆ وەک سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی دەرکەوت، بەڵام سیمای خێڵایەتی پێوە دیار بوو هەوڵی لەپێناو سەربەخۆیی داوە، بەڵام سنووری ئەم سەربەخۆییەی دیاریکراوبوو کە تەنیا ئەو بەشەی خاکی کوردستانی دەگرتەوە کە لەژێر دەستی فارسدا بوو (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٢٥٧).

بزوتنەوەکەی سمکوی شکەک شێوەی خێڵەکی توندی وەرگرت و بۆ ماوەیەکیش بەردەوام بوو, بەڵام دواتر بەهۆی هەڵەکانی و ئاراستە تاکەکەسییەکانی و بەردەوامبوونی لەسەر ئەم ڕێبازە و هەوڵ نەدان بۆ

گۆڕینی بۆ بزوتنەوەیەکی نیشتمانی خاوەن ئامانجی نەتەوەیی ڕوون وردە وردە توشی شکست هات ( تاڵەبانی، ٢٠١١: ٩٦).

ئەمەش دەمانگەینێتە ئەو ئەنجامەی کەوا بزوتنەوەکەی سمکۆی شکەک بزوتنەوەیەکی ناوچەگەری و خێڵەکی بووە و خاوەنی مەودایەکی دوور نەبووە, بەڵکو لە بەستنی پردی پەیوەندی لەگەڵ گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکەش شکستی هێناوە هەر بۆیە دوای کوژرانیشی لە ( ١٨ی تەمموزی ١٩٣٠) لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی ئێران بزوتنەوەکەشی سەرکوت کراو سەرکردەکانیشی گیران و بڵاوەیان پێکرا (لازارێف، ١٩٨٩: ٣٦٧).

لەلایەکی تریشەوە (عەبدەلڕەزاق بەدرخان[٨]) لە سەروبەندی پرۆگرامەکەی خۆیدا بۆ ئازادی کوردستان نەیتوانی زۆربەی جەماوەری کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت بە تایبەتی سەرۆک هۆز و دەرەبەگەکان کە زۆربەیان نەک هەر هاوکاری عەبدولڕەزاقیان نەکرد بەڵکو هاوکاری تورکەکانیان دەکرد لە پێناو پاراستنی دەستکەوتە ئابوورییەکانی خۆیان وێڕای ناکۆکی سەرکردە کوردەکان و پەیوەندی کردنی هەریەکەیان لەگەڵ ڕوسەکان بەو ئومێدەی ڕوسەکان یارمەتییان دەدەن لە دژی تورکەکان ئەمە جگە لەوەی ئەو سەرکردانە هیچ هێڵێکی ستراتیژی ڕوونیان نەبوو بۆ دوارۆژی بزوتنەوەی کورد و نەشیان دەویست لە پێناو کوردستانێکی یەکگرتوو تێبکۆشن( چوار چرا، ١٩٨٦: ٤٨).

عەبدەلڕەزاق دەیویست ئێران ڕازی بکات و بەگژ تورکەکاندا بچێتەوە ئەوەش لۆژیکی نەبوو، چونکە هەردوو وڵات لەلایەن خۆیانەوە لەسەر دابەش کردنی کوردستان ڕێککەوتبوون و بەرژەوەندیی خۆیان لەو دابەشکارییەدا دەبینیەوە. هەرچی سیاسەتی ڕوسیاش بوو بەرامبەر بە دۆزی کورد تەنیا لە چوارچێوەی ڕاگەیاندن تێپەڕی نەدەکرد چونکە ڕوسیا وێڕای ترسی لە تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ هەردوو وڵاتەکە

ترسی له وڵاته کۆلۆنیالیسته هاوپەیمانەکانیش هەبوو بۆیە جەلیلی دەڵێت **"" مەسەلەی ئازاد کردنی کورد له دەستی تورک لای دبلۆماسیەکانی قەیسەر خەیاڵ بڵاو بوو..."** (جەلیلی، ١٩٨٥: ١١٥).

له ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕەوشی سیاسی ئێران و کوردستان گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینی که ئەویش دەستوەردانی وڵاتانی هاوپەیمان بوو له کاروباری ناوخۆیی ئێران و لەشکرکێشیان بۆ ناو خاکی ئێران. له کوردستانیش له ساڵی (١٩٣٩) کۆمەڵەی (ژ. ک) دامەزرا که ئەرکی سەرەکی داڕشتنی بەرنامەیەکی دیاریکرا بوو بۆ ڕێکخستنی گەلی کوردستان بۆ خەبات لەپێناو دیمۆکراسی و مافه نەتەوەییەکانی, چونکه دەسەلاتی دەولەتی ئێران به تەواوەتی له کوردستان پەکی کەوتبوو, بۆیە له (١٩٤١) (هەرێمی مهاباد) وەکو ناوچەیەکی کوردی خاوەن بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی دەمەزرا (لازارێف، ١٩٨٩: ٣٩٧). تەنانەت کۆمارەکەی کوردستانیش (١٩٤٦/١/٢٢) که تەنیا ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی له خۆگرتبوو گیرۆدەی هەمان فاکتەری لاواز بوو بۆیە دوای کەمتر له ساڵێک له (١٢/٥/ ١٩٤٦) ڕوخا.

**ئەنجامەکان:**

١- نەبوونی هوشیاری نەتەوەیی و سیاسی لای سەرکردە و تاکی کورد بەوەی له بری بیرکردنەوە له قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ له بیری بەرژەوەندیی تایبەت و ناوچەگەریدا بوون.

٢- نەبوونی (مرجع)ێک له نێو کورد که بتوانێت کۆدەنگی زۆربەی کورد بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە چەقێک بۆ بڕیاردان لەسەر دواڕۆژی کوردستان.

٣- سادەیی و خۆش باوەڕی سەرکردەکان و پەند وەرنەگرتن لە ڕابردوو بەشێوەیەک چەندین جار توشی هەڵەی هاوشێوە بوونەتەوە.

٤- نەبوونی تێڕوانینێکی هاوبەش بۆ ئایندەی کوردستان و دابەش بوون بەسەر چەندین ئاراستەی جیاواز لە بیرکردنەوەدا.

٥- خۆ بەکەم زانیین لە بەرامبەر دوژمنان و یەکتری قەبوڵ نەکردن لە نێو سەرکردە کوردەکاندا بەوەی هەر یەکێکیان خۆی بە شایستەتر دەزانی لەوەی تریان.

٦- سروشتی پێکهاتەی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی کۆمەڵگەی کوردی بەربەستبوو لەبەردەم یەکێتی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی. ئاراستەی دژبەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردی و جیاوازی بەرژەوەندیی چین و توێژەکان, پاڵی نا بە زۆر لە سەرکردە سەربازییەکان پاڵ بدەنە لای نەتەوە پەرستەکانی تورک.

٧- ئەوەی پێویستە لێرەدا بیخەینە ڕوو بەشێوەیەکی تایبەت ئەوەیە کە سەرکردەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دابڕابوون لە گەلەکەیان. درکیان بە خواستیان نەدەکرد بۆ سەربەخۆیی. ئەو سەرکردانەی کە پشتیوانی جەماوەری گەلیان نەبوو، متمانەشیان بە گەل نەبوو و پشتیان پێ نەدەبەستن، بەڵکو ئومێدیان بە وڵاتە گەورەکان و هەندێک جاریش بە تورکیا گرێدابوو. لە کۆتاییدا چارەنوسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە پشت گەلی کورد و لەنێوان بەرژەوەندیی جیاوازی وڵاتانی گەورە و تورکە کەمالییەکان بڕیاری لەسەر درا لە پەیماننامەی لۆزان ١٩٢٤.

## پەراوێزەکان:

(١) ئەو کۆمەڵەیە لەساڵی (١٨٨٩) لەسەر دەستی چوار قوتابی قوتابخانەی پزیشکی دامەزرا کە ئەوانیش: ئیبراهیم تیموری ئەلبانی و ئیسحاق ئیسکۆتی دیاربەکری و عەبدوڵڵا جەودەتی خەربۆتی و محەممەد ڕەشیدی چەرکەسی بوون. سەرکردایەتی ئەو کۆمەڵەیە دوازدە کەس بوون، ئەو یەکیەتییە بووە بەردی بناغەی ڕێکخستنێکی تر کە بە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی ناسرا لە ساڵی ١٩٠٨. علی تتر توفیق نێروەیی، الحياة الحزبية فى كوردستان (١٩٠٨- ١٩٢٧)، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهۆک، ٢٠٠٧، ص ٤٧.

(٢) لەماوەی دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی تاکو قەدەغەکردنی لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک، چەندین بڵاوکراوەی کوردی دەردەچوون. لەوانە: (ژین، گۆوار، کوردستان، ئەستەمبۆڵ، عیرفان، ژیان، ژیانەوە) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨ ؛ Malmîsanîj & Mahmûd, ROJNAMAGERYYA KURDÎ (1908-1992) Li Kurdistana Bakur û li Tirkiyê, Ankêra, 1992

(٣) لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی چەندین پارتی کوردی دامەزران لەوانە: (کۆمیتەی سەربەخۆی کورد کۆمەڵەی تەعالی کوردستان پارتی دیموکراتی کورد جەمعیەتی ئازادی کورد کۆمەڵەی ئیجتیماعی کورد) بڕوانە : نەجاتی عەبدوڵڵا، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی فەرەنسا و بەریتانیادا ١٨٧٩- ١٩٦٣، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ٢٠١٨.

(٤) شێخ مەحمودی حەفید: کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە. لە ساڵی (١٨٨١) لە سلێمانی لەدایک بووە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە بزاڤی نەتەوەیی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ساڵی (١٩٥٦) لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە (عقراوي، ٢٠٠٥: ٤٦).

(٥) لیوا سەدیق پاشا ڕەسول قادری لە سەرکردەکانی کورد بوو لە سوپای ڕوسیا لەسەر داواکاری نوێنەری سامی بەریتانی (برسی کوکس) لە

ڕوسەکان هەڵگەڕایەوە و پاش بانگ کردنی بۆ بەغدا لە ساڵی (١٩٢١) بووە پشکنەری گشتی حکومەتی شێخ مەحمود لە (١٩٢٢). بڕوانە: صديق قادري، مذكرات القادري- بيان الثورة الروسية العظمي وايضاح غوامضها، مطبعة الفلاح، بغداد، ١٩٢٤.

(٦) سمکۆی شکاک: ئیسماعیلی کوڕی محەمەد کوڕی عەلی ئیسماعیل سادقە. لە ساڵ (١٩٧٥) لە ناوچەی شپیران لە گوندی چاری (چهريق) لە دایک بووە. سمکۆ سەرۆک هۆزی شکاک بووە و شوێنێکی بەرزی هەبوو لەناو کوردانی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە خەباتی نەتەوەیی کورد دژ بە ڕژێمی ئەوسای ئێران و لە ساڵی (١٩٣٠) لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە بە فەرمانی (ڕەزا شا)ی پەهلەوی تیرۆر کرا بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(خریزی، ٢٠٠٤).

(٧) مارشمعون: پۆستێکی پێشەوای ئایینی نەستوریەکان بوو, ئەم پۆستە بە میرات بۆیان ماوەتەوە. بنکەی سەرەکی مارشمعون ماوەیەک لە ئەلقۆشی نزیک موسڵ و دواتر لە عەینکاوەی هەولێر و پاشان لە سەردەمی مارشمعونی سێزدەهەم (١٦٦٠-١٧٠٠) گوازرایەوە بۆ گوندی (قوچانس) لە نزیک جولەمێرگ لە چیای هەکاری( احمد سوسه، ١٩٧٩: ١٢٠).

(٨) عەبدولڕەزاق کوڕی نەجیب پاشای کوڕە گەورەی بەدرخان بەگە. لە ساڵی (١٨٤٦) لە ئەستەمبۆڵ لە دایک بووە. چەندیین ساڵ لە وەزارەتی هەندەرانی تورکیا فەرمانبەر بووە و دوایی کراوە بە سکرتێری سێیەمی بالوێزی تورکیا لە پیترسبۆرگ و لەوێ فێری ڕوسی بووە دواتر بۆتە سکرتێری دووەمی باڵوێزی تورکیا لە ئێران. ماوەیەک سەرۆکی تەشریفاتی سوڵتان عەبدولحەمید بووە دوای ماوەیەک دەگیرێت و ڕەوانەی تەڕابلسی دەکەن بەڵام دوای کودەتاکەی ئیتیحاد و تەرەقی دەگوڕێتەوە کوردستان. بڕوانە: جەلیلی جەلیلی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئوپسالا، ستوکهۆڵم، ١٩٨٥، ل١١٨.

**سەچاوەکان:**


- پاکیزە ڕەفیق حیلمی، کورد و ژیانێکی پڕ لە ئەندێشە، چرا، هەولێر، ٢٠٠٠.
- جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، ب١، و: ح-ا، بەیروت، ١٩٧٠.
- جەلیلی جەلیلی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئوپسالا ستوکهۆڵم، ١٩٨٥.
- جەلیلی جەلیلی، شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، و: بەهائەددین جەلال مستەفا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.
- حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب٢، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
- دێرک کینان، کورد و کوردستان لە نێوان بەردەئاشی داگیرکەراندا، و: سەلام ناوخۆش، چاپخانەی کاژ، کوردستان، ٢٠٠٨.
- دیڤید مکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، هەولێر، ٢٠٠٥.
- ڕەسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، چاڤی پرێس، لەندەن ١٩٩٠.
- سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی هاوچەرخی ڕزگاریخوازی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
- سەلام ناوخۆش، کوردستان چۆن داگیر کراو دابەش کرا، چ٢، بێ شوێنی چاپ ٢٠٠٠.
- عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەک دەرباری بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامران جەمال بابان زادە، ب١، چ١، چاپخانەی ڕێی نوێ، ٢٠١٠.
- عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا, و: کامەران جەمال زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣.

- عەتا قەرەداغی، چەقی دەوڵەت و تیروشیری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردی دا، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤.
- عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤا سیاسی لە کوردستانێ (١٩٠٨-١٩٢٧)، دهۆک ٢٠٠٢.
- عەلی تەتەر نێروەیی، کورد و مێژوو(چەند لێکۆلینەک لدور مێژوویا نوێ و هاڤچەرخا کورد و کوردستانێ)، ب٢، چ١، دهۆک، ٢٠١٠.
- کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب١، بەغدا، ١٩٨٥.
- کامەران وریا قانیع، نابێ لە نوسینەوەی مێژووی سیاسیمان شەرم بکەین، پاڵە، ژ(٢٣٣)، هەولێر، ٢٠١١.
- کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
- م. س. لازارێف، کێشەی کورد (١٨٩٦-١٩٧٧) ، و: کاوس قەفتان، ب١، بەغدا، ١٩٨٩.
- محمدامین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ب١، چاخانەی وەزارەتی پەروەرد، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- نەجاتی عەبدوڵڵا، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی فەرەنسا و بەریتانیادا ١٨٧٩- ١٩٦٣، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ٢٠١٨.
- نەوشێروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چ٣، سلێمانی، ٢٠٠٧.

**کتێبە عەرەبیەکان:**

- أحمد عثمان أبوبكر، الاثار الكاملة، الجزء الاول، مطبعة شڤان، سليمانيه، ٢٠٠٩.
- احمد سوسه، ملامح من من التاريخ القديم ليهود العراق، مركز الدراسات الفلسطينية، جامعة بغداد، ١٩٧٨.

- رشيد كريم عقراوي' الطريق الى الدولة الكردية' دهوك' ٢٠٠٥.
- صديق قادرى، مذكرات القادري- بيان الثورة الروسية العظمى وايضاح غوامضها، مطبعة الفلاح، بغداد، ١٩٢٤.
- عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيد (البرزنجي) و النفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥.
- على تتر توفيق نێروەیی، الحياة الحزبية فى كوردستان (١٩٠٨- ١٩٢٧)، الطبعة الاولى، مطبعة خانى، دهۆک، ٢٠٠٧.
- قسطنطين بتروفيج ماتفيف بارمتى، الاشوريون والمسألة الاشورية في العصر الحديث، الطبعة الاولى، مؤسسة الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ١٩٨٩.
- جليلي جليلي، ل. س. لازاريف، م. أ. حسرتيان، شاكروي محويان، أولغا جيغالينا، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ت: عبدي حاجي، مطبعة خاني، دهوك ٢٠١٢
- مسعود البارزانى، البارزانى و الحركة التحررية الكوردية، ج٢ ، للثقافة كردية، لبنان، ١٩٩٧.

**کتێبە کوردییەکانی ڕێنوسی لاتینی:**

- Malmîsanîj & Mahmûd, ROJNAMAGERYYA KURDÎ (1908-1992) Li Kurdistana Bakur û li Tirkiyê, Ankêra, 1992.

**کتێبە فارسیەکان:**

- دکتر توحيد ملک زاده ديلمقانى، آزربايجان در جنگ جهانى اول يا فجايع جيلولوق، انتشارات هاشمى، سودمند با همکارى نشر اختر، چاپ دوم، تبريز، ١٣٨٦.

**گۆڤارەکان بە زمانی کوردی:**

- بیری نوێ، گۆڤار، ژمارە (٢٨) ، ساڵی ٢٠٠٢.
- گۆڤاری چوار چرا، ژمارە ٢، ساڵ١، خاکەلێوی ١٩٨٦.

**گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی:**


- احمد عثمان ابوبكر، حركة الشيخ محمود والعلاقات الدولية، مجلة المجتمع العلمي الكردي، مج١، العدد الاول، بغداد، ١٩٧٣.
- التآخي، بغداد، العدد ١٥٨٤، ١١ ئاذار ١٩٧٤.


**ملخص**


الكورد أحد أقدم أقوام الشرق الاوسط والتي تمتلك تاريخا وثقافة ولغة خاصة به. وكان له دور ملحوظ في تاريخ هذه المنطقة، حيث ناضل في سبيل انهاء ظلم واضطهاد الحكام المحتلين. لذلك لو قلبنا صفحات التاريخ نادرا ما نلاحظ مرحلة من مراحل التاريخ والكورد لم يقوموا بنشاطاته السياسية و العسكرية من اجل نيل مبتغاهم في الحرية والاستقلال. ولكن معظم المؤرخون و الباحثون في مجال التاريخ الحديث و المعاصرلم يولوا الاهتمام المطلوب بهذا النضال والجهد الكبير. حيث كانت أبحاثهم تدور في فلك الثناء والمدح وسرد قصص بطولاتهم. أما الهزائم والخسائر التي تكبدوها في النضال للاستقلال والحرية فيضعونها في اعناق القوى الخارجية. لذا حاول الباحثان في هذا البحث ان يعالجا هذه الاسباب التي ادت الى هذه النتائج هي قلة الاهتمام والخلافات الداخلية الكوردية ونتائج هذه الخلافات على الحياة السياسية والاجتماعية و الاقتصادية من بداية القرن العشرين الى يومنا هذا.

**Abstract**

Kurd is the one of the most ancient nation in the Middle East that owns their history, culture, language and their role are very effective. They always tried to get rid of aggressive and injustice of invaders. If we look back to history, we can easily grasp that Kurds always tried to be free and librated. Unfortunately, Kurdish historians and researchers have not highlighted deductively on this tiredness and revolution. They only praised them in the form of stories and narration and they mentioned the failure of their revolution to traitor and strangers.

Throughout this study, the researchers try to show the in justice, inconvenience, and unbalanced of Kurdish internal home. Thus, the results and outcomes of this are remarkably shown form the first days of 20$^{th}$ century till nowadays.